# کۆنگرەی ژنی کورد لە تاران فرۆشرا... ؟!!

**شلێر ئەڵوەنی**

شەش مانگ لەمەو بەر خوێندکارانی کانوونی کازیوەی زانکۆی تاران هاتنە سنە و لەگەڵ چالاکانی بزاڤی ژنان باسی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی «ژنی کورد»یان کرد و بڕیاریان دا کە باسی «ژن» ناکەنە کەرەسە و ئامێری خۆهەڵکێشان و مەبەستیان تەنیا خزمەت بە پرسی ژنی کوردە.

ژنانی چالاکی سنەش لەسەر ئەو بڕیارە وتار و لێکۆڵینەوەیان ئامادە کرد و بۆ ئەو کۆنگرە لە ئێران و عێراق و تورکیا و ئەورووپا ڕێکلامیان کرد. بەڕێوەبەرانی کانوونی کازیوە لە جیاتی ئەوەی بە قەد توانی ئابووری خۆیان پێ ڕاکێشن، دەستیان کرد بە پڕۆوبلاوی و بە بیانووی پێویستی بە پارە، کۆنگرەیان زۆر بە ساکاری فرۆشت بە دوو پیاوی دژەژن کە جگە لەوەی بۆ هەڵسوکەوتی ناشیرین لەگەڵ ژنانی خۆیان بە ناوبانگ بوون، ئەوەی هەڵسوکەوتی ناحەزە دژ بە ژنانی چالاك کردبوویان و کۆسپی بزاڤی ژنان لە کوردستان بوون. سەرەڕای ئەوەش ئەم دوو پیاوە هیچ پێوەندییەکیان بە چالاکی ژنانەوە نەبووە و خاوەن هیچ نووسین و چالاکی لەم بوارەدا نین. ئەمانە بە تازەیی ئەنستیتۆی کوردیان لە شاری سنە وەك ئەنستیتۆ کوردی تاران دامەزراندووە و...

کانونی کازیوە ئەم فرۆشتنەی تا دوایین ڕۆژەکان شاردەوە و لە ئاکامدا ناوی «ژن» و پرسی «ژن»یان گۆڕیەوە بە پارە. لە دوو ڕۆژی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا ئەم دوو پیاوە جگە لەوەی وتاری لاوازی خۆیان کە لەوە پێش بۆ فستیڤاڵی گەلاوێژ ناردبوو و ڕەت کرابووەوە، بە زۆری پارە و هەڕەشە خستە نێو وتارەکان و مافی چەند وتاریتر وەك وتاری خانمی «ناهیدی موحەممەدی» شاعیری ئیلامی و چەند کەسیتریان پێشێل کرد، دوای خوێندنەوەی وتاری هەر ژنێکیش هێرشیان دەکردە سەری و ئەوەی شتی ناحەزە دەیانوت. خوێندکارەکانی کانوونی کازیوەش لەبەر پارەکە بێدەنگ بوون.

خانمی «دیبا عەلیخانی» ئەندامی ڕێکخراوەی «پشتیوانی لە ژنان» وتارێکی لەسەر قەتڵی ناموسی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە 11 ژن لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا بە هۆی شەرەف لە کوردستان کوژراون. هەر لەم حەفتەی ڕابردووشدا ژنێکی ئارایشگەر لە گەڕەکی فەرەجەی سنە لەسەر شەرەف کوژراوە. «بێهزادی خۆشحالی» (یەکێك لەوانەی کۆنگرەی کڕیبوو) هێرشی خستە سەر خاتوو دیبا و وتی: ئەو ژنە ئارایشگەرە فاحیشە بووە و خانووی فەسادی بووە و ئەو ژنانەی دەچوون بۆ لای دەیکردن بە فاحیشە!!! کەواتە کوشتنیان جێی خۆی بووە. هەروەها وتی: فێمێنیستەکان مەبەستیان بەرەڵڵایی سێکسیە!!!

جێگای سەرنجە کە «خۆشحالی» بە 33 ساڵ تەمەنەوە خۆی بە خاوەنی 52 کتێب دەزانێ (وا دیارە هەر لە کاتی لەدایکبوونیەوە خەریکی نووسینە!!!) وەك کەسێکی زۆر ئاسایی لەسەر فێمێنیزم دەدوێ و دیارە

هیچی لیٚ تیٚناگات. له جیهانیٚکدا که کوشتن لەسەر شەرەف رەت دەکریٚتەوە و له ستۆکهۆلّم و لەندەن کۆڕی لەسەر دەگیرێ، کەسانیٚك لایەنگری قەتڵی نامووسین و خۆیان به رووناکبیر و نویٚنەری نەتەوەی کوردیش دەزانن!!

«خۆشحاڵی» وڵامی بۆ ئەو خویٚندکارانه نەبوو که پرسیاریان کرد: «چۆن دەتوانێ حوکمی فەساد بۆ ئەو ژنه بدات و بۆچی دەبێ تاوانی مەرگ بیٚت و تاوانی پیاوان لەم کیٚشەدا چیه؟»

***

وتاری خانمی «نگین شیٚخولئیسلامی» ئەندامی «ریٚکخراوەی ژنانی کوردی پاریٚزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی» لەسەر ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و پیٚشنیاری پیٚکهاتنی ئەرتەشی فەرهەنگی-کۆمەلآیەتی-زانستی ژنان بوو. دیسان «خۆشحاڵی» هیٚرشی کردە سەر ئەویش، بەلآم خاتوو نگین ئازایانه دەمکوتی کرد.

***

وتاری خانمی «فەریدەی ئەمینولئیسلامی» ئەندامی «ریٚکخراوەی پشتیوانی له مافی ژنان» لەسەر راپۆرتی لیٚکۆڵیٚنەوەکانی بوو و ریٚژەی زۆر به نرخی سەبارەت به توندوتیژی دژ به ژنان تیٚدا بوو. له کاتی پەیڤی خانمی ئەمینولئیسلامیدا به خۆشحاڵیەوە «خۆشحاڵی» و هاوکارەکەی لەوێ نەبوون و بەم هۆیەش هیٚرش نەکرایه سەری.

***

پڕکیٚشەترین وتار، وتاری خانمی «دوکتۆر روئیا تلوعی» بوو به نیٚوی «بزووتنەوەی ژنانی کورد، بزووتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی یان فیٚمیٚنیستی؟». ویٚڕای ئەوەی که خاتوو روئیا باوەڕی به شەپۆلی سیٚیەمی فیٚمیٚنیزم و پیٚناسەی فیٚمیٚنیزمیٚکی کوردیه، خەریکی نووسینی کتیٚبیٚکیش لەسەر ئەم بابەتەیه. «خۆشحاڵی» هیٚرشیٚکی زۆر توندوتیژی کردە سەر خاتوو روئیا و وتی: فیٚمیٚنیزمی کوردی دۆڕاوە و تاکو بزووتنەوەی نەتەوەیی نەگاتە ئاکام، ژنی کورد مافی نیه باس له بزووتنەوەی خۆی بکات!!! ئەم باسه جیٚگەی سەرسووڕمانه به هۆی ئەوەی که کوردەکانی باکوور له تورکیاش هەر هەمان کیٚشەی کوردەکانی رۆژهەلآتیان هەیه، بەلآم ژنانیٚك وەك «لەیلا زانا» و «فەلەکناس ئوجاق» و... هتد خەریکی چالاکین و له هەمان کاتدا که بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی تیٚدەکۆشن، ئاستی بزاڤی ژنی کوردیان له دنیادا بردۆتە سەر.

«خۆشحاڵی» قسەیەکی سەیر و سەمەرەی دەکرد که چونکه له هەڵەبجە و ئەنفال ژن و پیاوی کورد به یەك ریٚژە و یەك شیٚوە کوژراون، کەواتە له کورددا ژن و پیاوی کورد بەرابەرن!!!!! به هۆی ئەوەی که ناوبراو باوەڕی به «سانترالیزمی دیموکراتیك» و «بەرزەکورد»ە!!! (بیٚگومان خۆی له ناوەندی ئەو سانترالیزمه دیموکراتیکەدایه و «بەرزەکوردی» خەیاڵیش خۆیەتی که ریٚبەری هەموو کوردانه) هەوڵ دەدا به روانگەیەکی فاشیستی و رەگەزپەرستانەوە هەموو شتیٚك تەنانەت بزووتنەوەی خویٚندکارانی کورد و بزووتنەوەی ژنانی کورد بخاتە بازنەی پیٚناسەکانی بیری تەسکی خۆیەوە.

«دوکتۆر روئیا تلوعی» دەڵێ: «ئەم روانگە توندوتیژە ئاکامێکی لە نێو کورددا نابێ و تەنانەت لە جیهانی ئیمرۆشدا ناتوانێ جێگایەك بۆ خۆی وەدۆزێ. بزاڤی ژنان و بزاڤی خوێندکارانی کورد بە پێی پێناسەی بزاڤی نوێ، بە شێوەی تۆڕێکی پان و بەرینە کە ڕێبەرایتیەکی دیار و کاریزماتیکی نیە و گروپە جیاوازەکان لەگەڵ ئەوەی ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە، لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان ڕێك کەوتوون و ئەم بزاڤگەلەش پێگەیەکی دیموکراتیکیان هەیە. کەواتە هەوڵ بۆ ڕێبەرایەتی ئەم بزووتنەوانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەن دارێژەرانی بیرۆکەی «بەرزەکورد» هەوڵێکی بێ ئاکامە. کەسانی وەك «خۆشحاڵی» لەوانەیە پێیان وا بێ کە خوێندکاران زۆر بە هەست و ئیحساساتین و هەر بەو هۆیە ئەمان دەتوانن بیانخەڵەتێنن، بەڵام خوێندکارانی ئێمە ئەوەندە عاقڵن کە ئەگەر ویستبێتیان ڕێبەرانێکیش هەڵبژێرن لە نێو هێزە خاوەن بیروبڕواکانی خۆیان هەڵیدەبژێرن و پێویستیان بە بیرۆکە فاشیستیە خانەنشینەکان نیە.

بزاڤی ژنانیش کە ئەنستیتۆ کوردی سنەی ترساندووە، بزاڤێکی حاشاهەڵنەگرە و بە جنێو و سووکایەتی ڕێگای لێ ناگیردرێ. بزووتنەوەی نەتەوەییش خاوەنی حیزبگەلی خۆیەتی و ئەم حیزبانەش بە یارمەتی بزاڤە نوێکان وەك بزاڤی ژنان و بزاڤی خوێندکاران و هەڵبژاردنی ستراتژی و سیاسەتی نوێ دەتوانن مافی نەتەوەیی گەلی کورد بە دەست بێنن و پێویستیان بە ڕێبەرایەتی «بەرزەکوردی» خەیاڵی نیە.

دوایین بەرنامەی کۆنگرە بریتی بوو لە مێزگردێك کە کچانی خوێندکار گلەیی زۆریان لە «خۆشحاڵی» و هاوکارانی کرد کە کۆنگرەیان کردۆتە دەسخەڕەی خۆیان و لە شێوەی زانستی بەدەریان کردووە و ئاژاوەیان ناوەتەوە.

لەم مێزگردەدا «خۆشحاڵی» ئاماژەی بە 483 پەردەی دووراوی کچان لە سنە کرد و بێ ئەوەی قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری گشت ئێران بێنێتە بەر چاو، داوای وڵامی لە فێمێنیزم دەکرد!!! هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لە زەماوەندێکی یەکێك لە بنەماڵە گەورەکانی سنەدا جلوبەرگی کچان زۆر داپۆشراو نەبووە و ئەم چاوی بە ناوکی کچێك کەوتووە. کەواتە فەساد و گەندەڵی بنەماڵەکانی سنەی داگرتووە!!! «ساعدی» هاوکار و دۆستی ناوبراو، بە هۆی ئەوەی لە سلێمانی ئیجازەی داوە ژنەکەی لەچکی بە سەرەوە نەبێ، زۆر شانازی بە ڕۆشنبیر بوونی خۆیەوە کرد!!!

لە کۆتایی کۆنگرەکەدا ڕێگایان لە خوێندنەوەی بەیاننامەی «کانوونی بەرگری لە مافی منداڵانی کوردستان» و «ڕێکخراوەی پشتیوانی لە ژنان» کرد کە لەوەدا داوا لە کۆماری ئیسلامی کرابوو دەست لە بەردباران و ئیعدام و... هتد هەڵگرێ. بڕێك وتیان تەنانەت لە پیاوانی نووسەری ئەو بەیاننامەشیان داوە.

زۆر جێگای داخە کە سووکایەتی بە کۆنگرەی ژنی کورد کرا، لە حاڵێکدا بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرە لە تاران لە نواندنی ڕواڵەتێکی سەرکەوتوو لە نەتەوەی کورددا دەیتوانی بەسوود بێ. بە هەرحاڵ چالاکانی بزاڤی ژنان تێگەیشتن کە بزووتنەوەی ژنان تەنیا بە دەست ژنان و بۆ ژنانە و لە بزووتنەوەی نەتەوەییشیان جیاواز نیە

و پێویستی بە ڕێبەرایەتی فاشیستەکان نیە. (هەروا کە لە چەندین چاوپێکەوتن و دیمانەیەکدا نووسەرانی ژنی ڕۆژهەڵات ئاماژەیان بەوە کردووە)

### چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێش:

*** وتاری خاتوو «شەهلا دەباغی» بە ناوی «ژنانی شاعیر و دیسکۆرسی فێمێنیستی» و وتاری کاک «پۆڵا سەعیدیش» خوێندرایەوە.**

*** «ساعدی» وتی: ئێمە هاتینە ناو کۆنگرەی ژنان تا نەهێڵین بڕێک لە ژنان بەرچاو بن.**

*** فیلمی ئەم کۆنگرەیە بە گشت ڕووداوەکانیەوە وەک بەڵگە ڕاستیەکان دەردەخات.**